# ئەم ووتەیەیان تا چەند ڕاستە
## ( پاروویەک لەناو دەمی برسیەک باشترە لە دروستکردنی هەزار مزگەوت )

## ما صحة قولهم ( لقمة في فم جائع خير من بناء ألف جامع )؟

< كوردي >

**شێخ محمد کوڕی صالح ئەلمونەجید**

الشيخ محمد بن صالح المنجد

**وەرگێرانی: دەستەی بەشی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئەم ووتەیەیان تا چەند ڕاستە
## ( پارووێەک لەناو دەمی برسیەک باشترە لە دروستکردنی هەزار مزگەوت )

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کرواە : -

**پرسیار :** ئەم ووتەیە تا چەند ڕاستە کە لەسەر زمانی زۆرێك لەخەڵکی دەوترێتەوە : ( پارووێەك لەناو دەمی برسیەك باشترە لە دروستکردنی هەزار مزگەوت ) ؟

**وەڵام :** سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان و درودو صەڵات و سەلام بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە ..

**یەکەم :** ئەم ووتەیە کە دەڵێت : ( پارووێەك لەناو دەمی برسیەك باشترە لە دروستکردنی هەزار مزگەوت ) هەندێك وا دەزانن کە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە ( صلى الله عليه وسلم )، بەڵام ئەوە ڕاست نیە، لەم بارەیەشەوە ( العلجوني ) ووتویەتی : ( **لقمة في بطن الجائع أفضل من عمارة ألف جامع** ) **الظاهر أنه ليس بحديث** [ كشف الخفاء، 145/2] . واتا : ئەم ووتەیە : ( پارووێەك لەناو دەمی برسیەك باشترە لە دروستکردنی هەزار مزگەوت) ئاشکرایە کە فەرموودە نیە ..

محمدی کوڕی دەرویش زانای مەزهەبی شافعیش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەم بارەیەوە دەڵێت : ( **لقمة في بطن جائع خير من بناء جامع** ) : **ليس بحديث**، [ أسنى المطالب ص 250] ، واتا : ( پارووێەك لەناو دەمی برسیەك باشترە لە دروستکردنی مزگەوت ) فەرموودە نیە ..

ئەم ووتەیە ووتەیەکی باطل و نادروستە لەڕووی ماناوە، چۆن وبەچی پێوەرێك تەنها پارووێەك باشتر بێت لە دروستکردنی هەزار مزگەوت کە خوای گەورەیان تێدا دەپەرسترێت ؟

بۆیە تەفضیل دانی کاروکردەوەکان هەندێك بەسەر هەندێکی تریاندا و بەم شێوەیە و بە ژمارەیەکی دیاری کراو پێویستی بەوە هەیە کە بەبەڵگەیەکی ڕاست ودروست و صەحیح لە پێغەمبەری خوداوە (صلى الله عليه وسلم) ثابت وجێگیر بوو بێت، چونکە ئەمە بابەتێکە ئیجتهاد و قیاس ڕۆڵی تێدا نیە ..

**دووەم :** ئایا کامیان باشترە، نان پێدان و تێرکردنی هەژاران یان دروستکردنی مزگەوت ؟

ئەگەر بێتۆ لە ڕووی ئەصلی بابەتەکەوە سەیری ئەم مەسئەلەیە بکەین : بێگومان دروستکردنی مزگەوتێك باشترە لە ناندان و تێرکردنی برسیەك، ئەویش لەبەر ئەوەی :

1- مزگەوت بەرژەوەندە ئاینیەکانی موسڵمانان دەستەبەر دەکات، بەڵام ناندان بەهەژاران و تێرکردنی برسی بەرژەوەندیە دونیایەکانی خەڵکی دەستەبەر دەکات، بێگومان بەرژەوەندیە ئاینیەکانیش لەپێشتر و باشترە لە جێ بەجێ کردنی بەرژەوەندیە دونیایەکان ..

ابن الأمير الحاج (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : **(ويقدم حفظ الدين) من الضروريات على ما عداه عند المعارضة لأنه المقصود الأعظم قال تعالى : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ وغيره مقصود من أجله ، ولأن ثمرته أكمل الثمرات ، وهي نيل السعادة الأبدية في جوار رب العالمين** [ التقرير والتحبير 294/3] واتا : لە کاتی دژیەك وەستانەوەدا پاراستنی بەرژەوەندیە ئاینیەکان کە لە زەروریاتە پێشدەخرێت بەسەر بەرژەوەندیەکانی تردا، چونکە مەبەستی گەورە لەوەدا دەبینرێتەوە، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ [ الذاريات : 56 ] واتا : ئادەمیزاد و جنۆکەم تەنها بۆ پەرستنی خۆم دروستکردووە، جگە لەبەرژەوەندیە گەورەکەی دینیش تەواوی بەرژەوەندیەکانی تر لە پێناو ئەودا دانراوون، چونکە بەرهەمی بەرژەوەندیەکانی دین تەواوترینی بەرهەمەکانن، بەهۆیەوە بەختەوەری هەمیشەیی لە پەنای پەروەردگاردا بەدی دێت ..

2- ناندان و تێرکردنی برسی و هەژارێك یان چەند هەژارێك بێگومان سوود گەیاندنە بە دەستەیەکی دیاریکراو، وبەرژەوەندیەکی دیاریکراو، بەڵام دروستکردنی مزگەوتێك سودەکەی بۆ هەموو کۆمەڵگەی موسڵمانانە، وە ئەو بەرژەوەندی و مەصلحەتانەشی لێوەی چنگ دەکەوێت دیسان چەند بەرژەوەندیەکی زۆرە، بۆ نموونە بۆ بەجێگەیاندنی شەعائیرە ئاینیەکان و فێکردن و پەروەردەکردنی خەڵکی، و کۆکردنەوەی ووتە و ووشەیان، لەگەڵ ئەوەی مزگەوتەکان سەنتەرێکن بۆ چارەسەکردنی کێشە وگرفتەکانی ناو کۆمەڵگە، بێگومان کارێکیش کە سوود و نەفعەکانی زۆرتربن و بۆ زۆرێك لە خەڵکیش بێت باشتر و لە پێشترە لە کارێك کە سوود و نەفعی بۆ دەستەیەکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە بێت، وە ئەو بەرژەوەندیانەشی لێوەی بەدەست دێت کەمتر بن ..

زانای ناوداری مەزهەبی شافعییش عز الدینی کوڕی عبد السلام ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەم بارەیەوە دەڵێت : **" كل مطيع لله محسن إلى نفسه ، فإن كان إحسانه متعديا إلى غيره تعدّد أجره بتعدد من تعلق به إحسانه ، وكان أجره على**

ذلك مختلفا باختلاف ما تسبّب إليه من جلب المصالح ودرء المفاسد " [ القواعد الكبرى 2 / 394 ] واتا : هەموو گوێڕایەك و موطیعێك بۆ خوای گەورە كارێكی باشی كردووە بۆ خۆی، جا ئەگەر ئەو كارە باشە تەنها بۆ خۆی نەبێت و سوودەكەی بۆ كەسانی تریش بیت، بێگومان پاداشتەكەشی بە ئەندازەی ئەو كەسانەیە كە سوودیان لەو كارە باشە بینیوە، بۆیە پاداشتی ئەم جۆرە كارانەیش جیاوازە لە ڕووی جیاوازی ئەوەی كە دەبنە هۆی هێنانی بەرژەوەندی و لادانی خراپە وخراپەكاریەوە ..

3- ناندانی برسی و هەزاران صەدەقەیەكی (جاري) نیە لەڕووی ئەصل و بنەمایەوە، بەڵام دروستكردنی مزگەوت صەدەقەی (جاري) یە وە پاداشت وخێرەكەشی بەردەوام دەبێت بۆ ئەو كەسەی دروستی كردووە تا ئەوكاتەی ئەو مزگەوتە سوود و قازانج بەخەڵكی بگەیەنێت ..

لە فەرموودەیەكیشدا هاتووە كە ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) گێراویەتیەوە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إِنَّ مِمَّا يَلْحَقُ الْمُؤْمِنَ مِنْ عَمَلِهِ وَحَسَنَاتِهِ بَعْدَ مَوْتِهِ عِلْمًا عَلَّمَهُ وَنَشَرَهُ، وَوَلَدًا صَالِحًا تَرَكَهُ، وَمُصْحَفًا وَرَّثَهُ، أَوْ مَسْجِدًا بَنَاهُ، أَوْ بَيْتًا لِابْنِ السَّبِيلِ بَنَاهُ، أَوْ نَهْرًا أَجْرَاهُ، أَوْ صَدَقَةً أَخْرَجَهَا مِنْ مَالِهِ فِي صِحَّتِهِ وَحَيَاتِهِ، يَلْحَقُهُ مِنْ بَعْدِ مَوْتِهِ } [ رواه ابن ماجه (242) ، وحسنه الألباني في " صحيح سنن ابن ماجه ] واتا : ئەوەی لە كارو وكردەوە وحەسەنات لەپاش مردن دەگات بە مرۆڤی باوەڕدار زانستێكە كە خەڵكی فێر كرد بێت وبڵاوی كردبێتەوە، وە منداڵ ورۆڵەیەكی صالح وچاكە خوازە كە لەپاش خۆی بەجێ هێشت بن، وە موصحەف و قورئانێكە كە كردبێتی بەخێر و خەڵكی تێیدا بخوێننەوە، وە مزگەوتێكە دروستی كردبێت، یان ماڵێكە بۆ حەوانەوەی ڕێبواران دروستی كردبێت، یان ڕووبار و جۆگە و كانیەكە هەڵی گرتبێتەوە، یان صەدەقە و خێرێكە لە ژیانی خۆیدا كردبێتی ولەپاش مردنی پێی بگات ..

**سێهەم :** ئەوەی باسمانكردن لە ڕووی باشترینیانەوە باسكردن بوو لە ئەصل و بنەمای ئەو دوو كارە، بەڵام ئەگەر هاتوو مرۆڤ توانا و دەسەڵاتی هەبوو باشتر وایە هەردوو كارەكە ئەنجام بدات .

عز الدینی كوڕی عبد السلام (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : " **إذا اجتمعت المصالح الأخروية الخالصة، فإن أمكن تحصيلها حصلناها، وإن تعذر تحصيلها حصلنا الأصلح فالأصلح والأفضل فالأفضل**". [ القواعد الكبرى 1 / 91 ] واتا : ئەگەر هاتوو بەرژەوەندیە دواڕۆژیە خالیصەكان بەیەكەوە كۆ بوونەوە، ئەگەر هاتوو توانیمان هەمووی جێ بەجێ بكەین ئەوە ئەنجامی دەدەین، خۆ ئەگەر هاتوو نەمانتوانی، ئەوا كامەیان باشترە پێشی دەخەین، وە كامەیان ئەفضەلترە ئەنجامی دەدەین ..

بەڵام ئەگەر هاتوو هەردوو بەرژەوەندیەکە پێك نەهاتنەوە وە نەدەکرا بەهەدووکیان هەڵسیت، تەنها بە دانەیەکیان نەبێت، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت ڕێزی یەکێك لەو بەرژەوەندیانە بدەین بەسەر ئەوانی تردا، هەروەك چۆن عزالدینی کوڕی عبدالسلام باسی لێوەکردن.

شێخ الاسلام ابن تیمیەیش دەڵێت : **" الشّريعة جاءت بتحصيل المصالح وتكميلها ، وتعطيل المفاسد وتقليلها ، وأنّها ترجّح خير الخيرين وشرّ الشّرّين ، وتحصيل أعظم المصلحتين بتفويت أدناهما ، وتدفع أعظم المفسدتَين باحتمال أدناهما "** [ مجموع الفتاوى 48/20 ] واتا : شەریعەتی ئیسلام بۆ ئەوە هاتوو بەرژەوەندیەکان دەستبەر بکات و تەوایان بکات، وە خراپە وکارە نەگریسەکانیش لەکار بحات وکەمیان بکاتەوە، بێگومان ئیسلام باشترینی ناو باشەکان هەڵدەبژێرێت و کەمترین خراپەکانیش دەست نیشان دەکات - لەکاتی ناچاریدا – بۆیە کار دەکات لەپێناو دەستبەرکردنی گەورەترین بەرژەوەندیکان بە نەکردن ولەدەستدانی کەمترینیان، وە گەورەترین خراپە و کارە نەگریسەکانیش لەناو دەبات بە ئەنجامدانی بچوکترنیان .

لەم حاڵەتەدا هەندێك جار دێتە پێشەوە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو بارودۆخەی کە ناندانی بە برسی و هەژاران دەخوازیت دەکرێت باشتر و ئەفضەلتر بێت لە دروستکردنی مزگەوت ...

بۆ نموونە : ئەو شارەی کە دووچاری برسیەتی و قات وقڕی بووە، بەشێوەیەك کە هەڕەشە لە هێزی خەڵکی دەکات و لە پەلو پۆ و جوڵەیان دەخات، لەم حاڵەتەدا ناندان بە هەژاران و خەڵکی برسی لە پێشترە لە دروستکردنی مزگەوتێك کە کەس نوێژی تیادا ناکات، ومردنی خەڵکی ئەو شارەش بە هۆی برسیەتیەوە خراپەیەکە کە پاشتر ناتوانرێت قەرەبوو بکرێتەوە، بەڵام دروستکردنی مزگەوت دەتوارنێت پاشتر قەرەبوو بکرێتەوە ودروست بکرێت ..

یان شارێك لە شارەکانی وڵاتی موسڵمانان لەحاڵەتی جەنگ وشەردا بیت و دوژمن دابێتی بەسەریدا ودووچاری قات وقڕی و برسیەتی بووبێتەوە وهەرچیان هەبوو لە خواردن وخواردنەوە تەواو بوو بوو، لەم حاڵەتدا بیگومان بەدەمەوە چوونی ئەو خەلکە بە دابینکردنی نان و پیتاك و خواردن وخواردنەوە بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکەیت لەو کارەساتەی چاوەڕییان دەکات باشتر و لە پێشترە لە دروستکردنی مزگەوت بۆیان کە شەڕ وشۆر کاول و وێرانی دەکات ..

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ...